Available online at http://aran.garmian.edu.krd

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-43

# پەیوەندی تەڵاقی سۆزداری بە ماندووبوونی دەروونی لای فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان(کەلار)

**(توێژینەوەیەکی هەڵێجراوە لە نامەی ماستەر)**

**سمیە عیسی موسی، عمر ابراهیم عزیز**

بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **August, 2025** |
| Accepted | **November, 2025** |
| Published: | **December, 2025** |

**Keywords**

**تەڵاقی سۆزداری، ماندووبوونی دەرووونی ، گۆڕاوی دیمۆگرافی، فەرمانبەران**

**Corresponding Author**

Sumayaeisa321@gmail.com

Omer.azeez@su.edu.krd

**پوختە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتییە لە زانینی پەیوەندی تەڵاقی سۆزداری بە ماندوو بوونی دەروونی لای فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان ، زانینی ئاستی تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی، زانینی ئاستی جیاوازی گۆڕاوەکان بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی (رەگەز ، ماوەی هاوسەرگیری،بڕوانامە، باری ئابوری ، شوێنی کارکردنیان).کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتبوو لە فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان (کەلار) ، نموونەی توێژینەوە پێکهاتبوو لە (280) فەرمانبەر لە رەگەزی نێر و مێ بەشێوەیەکی یەکسان هەڵبژێردران کە هاوسەرگیریان کردبوو ولەپەیوەندی هاوسەرگیری بەردەوامن. لە (6) بەڕێوبەرایەتی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان (کەلار) بە شێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێرداون بۆ ساڵی (2024-2025) .پشت بە رێبازی (وەسفی پەیوەندی)بەسترا. زانیاریەکان کۆکرانەوە لە رێگەی فۆرمی تەڵاقی سۆزداری، پێوەری ماندووبوونی دەروونی، دوای جێبەجێکردنی تایبەتمەندیە سایکۆمەتریەکان،دەرکەوت هەردوو پێوەر گونجاون بۆ بەکارهێنان، لەگەڵ ئامادەکردنی فۆرمی زانیارییە دانیشتوانزانییەکان (دیمۆگرافیەکان).بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان SPSS وەشانی 25 بەکارهێنرا بۆ شیکردنەوەی داتاکان . لە ئەنجامدا دەرکەوت کەوا ئاستی تەڵاقی سۆزداری ماندووبوونی دەروونی بەرێژەیەکی کەم بوونی هەیە لای فەرمانبەرانبەرانی بەریوبەرایەتیەکان ، هەروەها پەیوەندیەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان هەردووگۆڕاو بەئاستی(0.462) ، دەرکەوتووە کەوا جیاوازی هەیە لە تەڵاقی سۆزداری بەپێی گۆڕاوی دیمۆگرافی رەگەز و ماوەی هاوسەرگیری لە بەرژەوەندی رەگەزی نێر و ئەوانەی زیاتر لە (30)ساڵە هاوسەرگیریان کردووە، جیاوازی هەیە لە ماندووبوونی دەروونی بەپێی گۆڕاوی رەگەز لەبەرژەوەندی رەگەزی نێر بەڵام جیاوازی نیە لەئاستی ماندووبوونی دەروونی بەپێی ماوەی هاوسەرگیری، دەرکەوتووە کە جیاوازی نیە لە تەڵاقی سۆزداری ماندووبوونی دەروونی بەپێی گۆڕاوی دیمۆگرافی (داهات، بڕوانامە،شوێنی کارکردن).

## 1-1کێشەی توێژینەوە Research problem

خێزان وەک یەکەم و سەرەکی ترین کۆڵەکەی کۆمەڵگا ئەژمارە دەکرێت، هەر بۆیە خیزانی تەندروست هۆکارە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایەکی تەندروست. لە کۆمەڵگایەکی وەک هەرێمی کوردستان کە تا ئیستاش وەک کۆمەڵگایەکی نەریتی سەیر دەکرێت، خێزان پێگەیەکی تایبەتی هەیە و تاکەکان هەوڵی پاراستنی بەها باڵاکانی خێزان و کۆمەڵگا دەدەن. بەڵام سەردەمی ژیانی مۆدێرن ژیانی بۆ تاکەکان تا ڕادەیەک ئاڵۆز و قورس کردووە ، ئەمەش وادەکات کە زۆرینەی تاکەکانی خێزان سەرەڕای ئەرک و بەرپرسیاری خێزان ، بە هۆی دۆخی ئەستەمی ژیانی مۆدێرن هەوڵی کار کردن بدەن،ئەم دۆخەش کاریگەری دەبێت لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی و بەتایبەتی پەیوەندییە خێزانییەکانیان، کە ڕەنگە جۆرێک لە دابڕانی پەیوەندیی نێوان هاوسەرەکان ڕووبدات کە سەرەڕای ئەوەی پێکەوە لە ماڵێک دەژین بەڵام وەک خێزانێکی دڵخۆش و ئاسودە کاتەکانیان بەسەر نابەن بەڵکو تەنها بە جەستە لە نێو ئەو ماڵەدا دەژین. ئەو دۆخە پێی دەوترێت تەڵاقی سۆزداری،کەبەیەکێك لەو کێشانە دادەنرێت کە ڕووبەرووی خێزانەکان بۆتەوەو چەندین دەرئەنجامی نەرێنی هەیە، بەهۆکارێك دادەنرێت بۆ تێکچوونی خێزان و کۆمەڵگا ، دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسیەکانی تەندروستی جەستەو دەروونی بۆ تاك و خێزانەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو کاریگەری لە خۆشگوزەرانیان دەکات، وادەکات کێشەکانی دەماری،مەعریفی، سۆزداری ،ڕەفتاری توندتربکات (zareei&zarei,2018,p.221).بەهۆی تەڵاقی سۆزداری و ئەوساردیەی دەکەوێتە نێوان ژن و مێردو نەبوونی پاڵپشتی بۆیەکتر وادەکات کە تاکەکان کەم تواناو ئەزموون ببن توانای چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژیانی لاوازبێت و متمانە بەخۆبوونی لاوازبێت، توشی ئاستی بەرزی ماندووبوونی دەروونی ببن،جگە لەدروستکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵان(الصبان ولأخرون،2020،ص 141). ماندوێتی دەروونی حاڵەتێکی کەمبوونەوەی وزەی دەروونی، کەمبوونەوەی تەرکیزکردن و ماندوێتی سۆزدارییە کە دەتوانێت سەرهەڵبدات کاتێک کە گوشارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی زیاتربێت، پەیوەندی نێوان خێزان لاوازبێت،بەپێی توێژینەوەکان پێشبینی دەکرێت بەردەوام بوونی فشارەکان دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی سۆزداری توند و دروستبوونی ئاڵۆزی تەندروستی جەستەو دەروون ڕەنگە تاکە کەس تووشی تێکچوونی دەماری بێت کاریگەری لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکانی دروست بکات، ببێتە هۆکاری کەمبوونەوەی لێهاتووی کەسەکەو بەمشێوەیە هەڵە لەکارەکەی زۆردەبێت و کاریگەری لەسەر پیشەو کارەکەی دروست دەکات( عبدالستار، 2002، ص18).تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی لەژیانی ئەمڕۆدا دووکێشەی باوون کە پەیوەستن بە زۆر گۆڕاوی ترەوە،کاریگەری نەرێنییان هەیە لە زۆربواردا وەك چالاکی خود، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و پەروەردەی منداڵ ،شەڕانگێزی و لاوازی لەکاروپیشەو تێکچوونی خێزان .... بۆیە پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە وڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەبینێتەوە:

- ئایا تەڵاقی سۆزداری لای فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان بوونی هەیە و لە چ ئاستێک دایە.
- ئاستی ماندووبوونی دەروونی لای فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان بوونی هەیە لە چ ئاستێک دایە.
- ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان وەک (ڕەگەز ، ماوەی هاوسەرگیری، داهات، تەمەن، بڕوانامە و شوێنی کارکردن) کاریگەریان لە سەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە هەیە؟
- ئایا پەیوەندی لە نێوان تەڵاقی سۆزداریی و ماندووبوونی دەروونی هەیە؟

## 2-1 گرنگی توێژینەوە Research Significance:

هەرچەندە دیاردەی جیابونەوەی یاسایی هاوسەرەکان بەشێکی زۆری سەرنجی توێژەرانی داگیرکردووە ، بەڵام دیاردەی تەلاقی سۆزداری نێوان هاوسەرەکان سەرەڕایی بڵاوبونەوەی لە ژیانی هاوچەرخدا بەڵام گرنگیەکی پێویستی وەرنەگرتووە لە کاتێکدا کاریگەری لەسەر گونجانی نێوان هاوسەرەکان و دامەزراوەی هاوسەرگیری هەیە (رجب،2016,ص.461) . بەتایبەتی لە توێژینەوە و بەرهەمە زانستییەکان بە زمانی کوردی بە پێی پێویستە کار لە سەر ئەم بابەتە نەکراوە، بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکان ژمارەی جیابوونەوەی سۆزداری دووهێندەی ژمارەی جیابوونەوەی فەرمیە، یەکێك لەو کێشە گرنگانەی کە خێزان ناسەقامگیر دەکات جیابونەوەی سۆزدارییە، کە هاوسەرەکان لەگەڵ یەك دەژین،بەڵام هیچ هەستێکی سۆزو خۆشەویستی لەنێوانیان نیە ، لە کاتێکدا کێشەو ناکۆکی لە نێوانیاندا زۆرەو گونجانی هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە و ژیانی سۆزداری،کۆمەڵایەتی، پیشەیی هاوسەرەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر دروست دەبێت(Afrasiab,2015,p.6). نەمانی سۆزو خۆشەویستی نێوان هاوسەرەکان بەگرنگترین خاڵی دروستبوونی کێشەو تێکچوونی پەیوەندی هاوسەرگیری دادەنرێت، بەهۆکاری گرفتی زۆری هاوسەرگیری دادەنرێت و وە ئەمەش وادەکات کە تەڵاقی سۆزداری دروست بێت ،تەڵاقی سۆزداری بە هۆکاری سەرەکی تەڵاقی یاسایی دادەنرێت،بۆیە تا دەتوانرێت پێویستە هاوسەران پارێزگاری لە سۆزو خۆشەویستی نێوانیان بکەن چونکە بناغەو مانەوەی خێزانە بە دروستی(الخليفة,2021,ص.281).ماندووبوونی دەروونی لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی بوونی تەکنەلۆژیاو پەرەسەندنی و زیادبوونی کارو سەختی ژیان بۆتە بابەتێکی گرنگی توێژینەوە بەهۆی دروستکردنی کاریگەری زۆری لەسەرتاکەکان و کۆمەڵگە بەشێوەیەك

وەك درم (پەتا) لە ژینگەی کاردا سەیردەکرێت (أبراهیمی،2011،ص11). بەپێی لازارۆس و فۆلکمان (1984) تەڵاقی سۆزداری وەک جۆرێک لە فشاری درێژخایەنی کۆمەڵایەتی دەبینرێت. نەبوونی پشتگیری سۆزداری لەلایەن هاوبەشی ژیانەوە، کە یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پشتگیری کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی فشار,فشاری بەردەوامیش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی ماندووبوونی دەروونی وەک وەڵامێک بۆ بەتاڵبوونەوەی وزەی سۆزداری و دەروونی تاك.گرنگی ئەنجام دانی ئەم توێژینەوانە کە هۆکارێکە بۆ ئاشنا بوونی خوێنەران بەو چەمکانە و هەروەها سەرنجی توێژەران کە بیانەوێت لە داهاتوودا لەو بوارە ئیش بکەن و بەتایبەتی سەرنج بخەنە سەر هۆکارەکانی دیکەی تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی.هەروەها ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ناوەندەکانی وەک دادگاکان، ڕێکخراوەکانی مەدەنی و پەروەردەییەکان، کە دەتوانن بە سود وەرگرتن لە ئەنجامەکان هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییە خێزانییەکان بدەن و خێزانەکان لە هەوڵوەشاندنەوە و دووره پەرێزی بپارێزن،بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە ئاماری تەڵاق ڕۆژبەڕۆژ لەزیابووندایە.

## 3-1 ئامانجی توێژینەوە

1-زانینی ئاستی تەڵاقی سۆزداری لای فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.

2-زانینی ئاستی ماندووبوونی دەروونی لای فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.

3-خستنەڕووی کاریگەری گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک (ڕەگەز ، ماوەی هاوسەرگیری، داهات، بڕوانامە و شوێنی کارکردن) لە سەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

4-پەیوەندی نێوان تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی لای نموونەی توێژینەوە.

## 1- 4 پێناسەی زاراوەکان

**تەڵاقی سۆزداری Emotional Divorce):**

**- بور (2008)** تەلاقی سۆزداری پێناسەدەکات وەك دۆخێک کە هاوسەرەکان بە جیا لە یەکتر دەژین، هەرچەندە لە یەک ماڵدا بن, ئەوان لە گۆشەگیری سۆزداریدا دەژین و هەریەکەیان دونیای خۆیان هەیە دوور لە لایەنی بەرامبەر. ئەمەش دەبێتە هۆی ساردی ژیانی هاوسەرگیری و نەبوونی خۆشەویستی و ڕەزامەندی لە پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان (هادی,2012,ص. 437).

**- جۆرج هۆمانز و پیتەر بڵاو** پێناسەی تەڵاقی سۆزداری دەکەن بەو دۆخەی کە تێیدا هاوسەنگیی ئاڵوگۆڕی نێوان هاوسەران بە شێوەیەکی بنەڕەتی تێکدەچێت، بەجۆرێک کە "تێچووە سۆزداری و دەروونییەکان "بە شێوەیەکی بەرچاو و بەردەوام زیاتر دەبن لە "پاداشتە سۆزداری و دەروونییەکان ئەمە دەبێتە هۆی کشانەوەی سۆزداری و دەروونی یەکێک یان هەردوو هاوسەر لە پەیوەندییەکە، لە کاتێکدا بە فەرمی و لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە وەک هاوسەر پێکەوە دەمێننەوە. (DeMaris, 2010,p.118).

**پێناسەی تیۆری :** ناهاوسەنگی لە دادپەروەری خراپ دابەشکردنی لە ماف و ئەرکەکانی نێوان هاوسەرەکان کە کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی دەربڕین و لایەنی ئامرازی دەبێت و دەبێتە هۆی درز لە ژیانی هاوسەرگیری و ناتەبایی و لەدەستدانی سۆز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا ،هاوسەرەکان لە یەک ماڵدا دەژین وەک ئەوەی نامۆ بن بە شێوەیەکی بەردەوام(هادی،2010:ص438)

**پێناسەی کرداری :** کۆی گشتی نمرەی بەدەست هاتووی هەر فەرمانبەرێك لەسەر ئەو پێوەرەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە.

**ماندووبوونی دەروونی (Psychological exhaustion).**

**لازاروس Lazaruse،1966:** هێزێکە یان گۆڕاوێکە کە بارگرانییەک لەسەر جەستە پێکدەهێنێت، چ ئەو گۆڕاوە گۆڕاوی فسیۆلۆجی یان کۆمەڵایەتییان دەروونی بێت. وەڵامدانەوە و کاردانەوەی بەرامبەر بەو فشارانە بەندە بە چۆنیەتی لێکدانەوەیان و هەڵسەنگاندنی تاکەکەس بۆ ڕادەی زیان یان ئەو هەڕەشەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە(جرجیس،2019: ص210).

**لازاروس و فوڵکمان Lazarus&Folkman** پێناسەی دەکەن بە ئەو هەوڵە مەعریفی و ڕەفتارییانەی کە پێشکەش دەکرێن بۆ بەڕێوەبردنی داواکارییەکی دەرەکی یان ناوەکی دیاریکراو،بڕیاری تاک لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو سەرچاوەو بارودۆخانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ژینگەوە تێیدەپەڕێنێت یان نا (Lazarus&Folkman,1984: p164).

**پێناسەی تیۆری** لەم توێژینەوەیە مەبەست لە ماندووبوونی دەروونی بریتییە لە ئاستێکی بەرزی ماندووبوونی گشتیە کەوا کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی تاك دروست دەکات،دەرئەنجام تاك تووشی ساردبوونەوەی کاروپیشەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و چالاکیەکان دەبێت(جرجیس،2019: ص212).

**پێناسەی کرداری :** کۆی گشتی نمرەی بەدەست هاتووی هەر فەرمانبەرێك لەسەر ئەو پێوەرەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە.

## 1-2چەمکی تەڵاقی سۆزداری

سەرەڕای تەڵاقی ئاشکرا و فەرمی کە لەودا سیستەمی خێزان هەڵدەوەشێتەوە، هەندێک جار تەڵاق شێوەیەکی شاراوە بەخۆیەوە دەگرێت کە لە ئەنجامدا خێزانەکە تەنها رووکەشە دەرەکییەکەی خۆی دەپارێزێت بەڵام لەناوەوە بەتاڵە. لەم حاڵەتەدا هاوسەرەکان لە ژێر پێویستی و ناچاریدا پێکەوە دەژین، بەڵام پەیوەندییەکی سۆزداری بنیاتنەر و گونجاویان نییە. دەروونناسان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ ئەم جۆرە تەڵاقە خستووەتەڕوو. لەوانە، تەڵاقی سۆزداری بەو قۆناغە دەگوترێت کە پێش تەڵاقی فەرمی دێت، کە جۆرێکە لە جیابوونەوەی بێدەنگ کە لە رووی یاسایی و شەرعییەوە روونەداوە و ژن و مێرد بە ناچاری لە ژێر یەک سەقفدا بە رواڵەت پێکەوە دەژین، بەڵام بەهۆی سارد و سڕی زۆری پەیوەندییەکان و نەبوونی ئاڵوگۆڕی هەست و سۆز، هەست بە نارەزایەتی و نائومێدی دەکەن (بەهمەنپووری، هەمکاران،2021،ص250). ناساندنی ئەم زاراوەیە بەفەرمی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی پێشوو لەلایەن ویلیام گود( William Goode) کۆمەڵناسێکی ئەمریکیە لە ساڵی (1956) لەبەرهەمێکیدا باس لە تەڵاقی سۆزداری دەکات (Amato,2003,p.627).چەمکی تەڵاقی سۆزداری بۆ یەکەمجار لەلایەن پۆڵ بۆهان (Paul Bohannan) لە ساڵی (1970) لە کتێبەکەیدا بەناوی (Divorce and After) باسکراوە پێی وایە جیابوونەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو (Kaslow,1984,p.665).

## 2-2 قۆناغەکانی جیابوونەوەی سۆزداری:

**سەرزەنشت**

لە قۆناغی یەکەمی جیابوونەوەی سۆزدارییدا، کەسی دەستپێشخەر تەرکیزی خۆی دەخاتە سەر هاوسەرەکەی و ئەو بە هۆکاری هەموو رووداوەکانی رابردوو و ئێستا و داهاتوو دەزانێت. لەم قۆناغەدا، کەسەکە وێنایەکی نەرێنی و ناڵەباری لەخۆی هەیە و بە ئاسانی تووشی زیان دەبێت. زۆربەی کات، کەسی دەستپێشخەر لەم قۆناغەدا تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و هەستی بێهێزی دەبێت ( Jhnston,2017, p. 570).

**خۆگونجاندن**

لەم قۆناغەدا ئاماژەیە بۆ ئەو قۆناغە قورسەی کەسەکە هەوڵدەدات لەگەڵ واقیعی نوێی ژیانیدا رابێت دوای جیابوونەوە، بەڵام تووشی کۆمەڵێک هەست و کێشەی دەروونی دەبێتەوە کە کاریگەری دەکاتە سەر ژیانی رۆژانەخەم و پەژارە زاڵ دەبێت بەسەر کەسی دەستپێشخەری جیابوونەوەی سۆزدارییدا. کەسەکە کاردانەوەیەکی توندی بۆ هەر سەختییەک نیشان دەدات و بە توندی لە بیرکردنەوە و هەستەکانی خۆیدا نوقم دەبێت. تەرکیزی کەم دەکات و لە ئەنجامدانی کارەکانی رۆژانەیدا تووشی کێشە دەبێت (Barzouki et al.,2015,p109).

**تووڕەیی**

هەرچەندە تووڕەیی لە هەموو قۆناغەکاندا هەیە، بەڵام لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی دیارتر دەردەکەوێت. ئەم تووڕەییە لەوانەیە بەرامبەر بە هاوسەرەکە دەربڕدرێت، بەڵام لەوانەیە ئاڕاستەی هاوڕێیان و ئەندامانی تری خێزانیش بکرێت. لە هەندێک حاڵەتدا، پیاوان و ژنان بە یەکسانی تووڕە دەبن, رەنگە هەستیاری زۆری بەرامبەر منداڵەکانی نیشان بدات و بە تووڕەیی و سوکایەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات(Hibel et al.,2020,p86).

**تەنهایی**

زۆرێک لە کەسانی ئەم قۆناغە بۆ یەکەمجار بەڕاستی هەست بە تەنهایی دەکەن. بە تێپەڕبوونی کات، کەسەکە کەسایەتی خۆی بە شێوەیەک دەسازێنێتەوە کە چیتر پێویستی بە هاوسەرەکەی نەبێت. ژن یان پیاو هەوڵ دەدات متمانە بەخۆبوونی خۆی بنیاد بنێتەوە و بۆ یەکەمجار هەستەکانی خۆی بسەلمێنێ(Bammeke & Eschit, 2018,p.4).

**گەڕانەوە بۆ ژیان**

قۆناغی کۆتایی پرۆسەی جیابوونەوەی یاساییە. لەم قۆناغەدا، ژن یان پیاو هەست دەکات کە کۆنترۆڵی زیاتری بەسەر ژیانی خۆیدا هەیە. کەسەکە دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ پلانی بۆ داهاتوو دابنێت. ئەگەر هەردوو لا گەیشتبنە ئەم قۆناغە، بە دەگمەن کارەکانیان دەگاتە دادگا و پرۆسەی جیابوونەوەکە بەبێ دەستێوەردانی دادوەری تەواو دەبێت (Bammeke & Eschit, 2018,p.4).

## 3-2 نیشانەکانی جیابوونەوەی سۆزداری

**لەدەستدانی ئارەزوو بۆ هاوسەر**

لە پەیوەندییەکی سۆزداری تەندروستدا، عەشق و ئارەزووی هەردوو لا بەرامبەر بە هاوسەرەکانیان دەبێت بەردەوام گەشە بکات، بەڵام لە جیابوونەوەی سۆزداریدا، ئەم ئارەزووە بە تێپەڕبوونی کات بە تەواوی کەم دەبێتەوە یان لەناو دەچێت(Shawyer,2017,p145).

**نەبوونی نزیکی جەستەیی** یەکێک لە دیارترین نیشانەکانی جیابوونەوەی سۆزداری، کەمبوونەوە یان لەدەستدانی نزیکی جەستەییە. کاتێک هاوسەران لە ڕووی سۆزدارییەوە لێک جیادەبنەوە، بە گشتی حەز بە سێکس کردن یان تەنانەت لە باوەش گرتنی یەکتریش ناکەن (Yu et al., 2020,p159).

**زیادبوونی ناکۆکی و گرژییەکان**

لە پەیوەندییە سۆزدارییە سارد و سڕەکاندا، ناکۆکی و گرژییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکەن. چونکە هەردوو لا هەست بە پشتگیری یەکتری ناکەن(Satir,2020,P.85).

**هەستی تەنیایی**

ڕەنگە هەستی تەنیایی لە پەیوەندییدا لە دیارترین و ئازاربەخشترین نیشانەکانی جیابوونەوەی سۆزدارییێت. کەسەکان لەگەڵ هاوسەرەکانیان، بەڵام هێشتا هەست بە تەنیایی ئەکەن، وەک بڵێی هیچ پەیوەندییەک لەنێوانیاندا نییە(Satir,2020,P.85).

**خۆ دوورگرتن لە بەسەربردنی کات لەگەڵ یەک**

کاتێک جیابوونەوەی سۆزداری لە پەیوەندییەکدا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوودەدات، هاوسەران حەز بە بەسەربردنی کات لەگەڵ یەکتردا ناکەن. لەوانەیە هەریەکەیان کاتی زیاتری خۆی لەگەڵ هاوڕێکانی یان لە چالاکییە تایبەتییەکانیدا بەسەر ببات لەوەی کە بیەوێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بێت(Satir,2020,P.85).

**پشتگوێخستنی پێداویستییە سۆزدارییەکان**

هەریەک لە هاوسەران پێداویستییە سۆزدارییەکانی یەکتری پشتگوێ دەخەن یان نەیانەوێت لێیان تێبگەن. ئەمە دەتوانێت بەتایبەتی لەو کاتانەدا ببینرێت کە یەکێک لە هاوسەران پێویستی بە پشتگیری سۆزداری، سەرنج یان خۆشەویستی هەیە(Dang et al., 2023,P 685).

**کەمی پشتگیری سۆزداری**

لە پەیوەندییەکی تەندروستدا، هاوسەران بە گشتی سەرچاوەی پشتگیری سۆزداری یەکترن. بەڵام لە جیابوونەوەی سۆزدارییدا، ئەم پشتگیرییە نامێنێت(Dang et al., 2023,P 685).

**گۆڕانکاری لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا**

یەکێک لە هاوسەران لە کۆمەڵدا یان لەنێو هاوڕێ و خێزانەکەیدا هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکات و چیتر حەز بە نیشاندانی پەیوەندی سۆزداری خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەی نەکات. ئەم گۆڕانکاریانە دەتوانن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە نەبوونی پەیوەندییەکی سۆزداری بەهێز لەنێوان هاوسەراندا بکەن(Dang et al., 2023,P 685).

## 4-2 ماندووبوونی دەروونی (Psychological exhaustion)

زاراوەی ماندووبوونی دەروونی لەسەدەی نۆزدەهەم باسکراوە، بەڵام وەك چەمکی ماندووبوونی دەروونی دەگەڕێتەوە بۆ زانای دەروونشیکاری ئەمریکی هێربێرت فرۆیدنبێرگەر (Herbert Freudenberger)لەساڵی (1974) ئاماژەی بە ماندووبوون کردووە وەك حاڵەتێکی هیلاکی و فشار کە لە ئەنجامی فشاری زۆرو زیادەڕۆیی لە پێداویستیەکان و بەردەوامبوونیان لەسەر تاکەکان لەسەر حسابی هێزوو وزەی خۆیان دروست دەبێت (محمود،2009. ل 272). لەساڵی (2019) ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ماندووبووبوونی دەروونی ناساندووە لە ئەنجامی فشاری درێژخایەنی شوێنی کارەوە کەبەسەرکەوتووی بەڕێوە نەچووە،تایبەتمەندیەکانی بەسێ ڕەهەند پۆلێنکردووە : هەستکردن بەکەمبوونەوەی وزە یان ماندوێتی زۆر ، زیادبوونی دورکەوتنەوە دەروونی لەکار یان هەستکردن بە نەرێنی و ڕەشبینی بەرامبەر بە کار، کەمبوونەوەی کارایی پیشەیی (Moss,2019,pp2,3).

سپانیۆل (١٩٧٩) چەند ئاستێکی بۆ ماندوێتی دەروونی دیاری کردووە بەپێی دەرکەوتنی نیشانەکان لەسەر تاک، کە ئەمانەن:

**١. ماندوێتی دەروونیی ئاسایی:** ئەم جۆرە لە ئەنجامی شەپۆلێکی کورتی ماندوێتی، بێزاری، دڵەڕاوکێ، و تووڕەییەوە دروست دەبێت.

**2. ماندوێتی دەروونیی مامناوەند:** ئەمە لە ئەنجامی نیشانەکانی پێشووەوە لە ئاستی ئاساییدا دروست دەبێت، بەڵام لانیکەم بۆ ماوەی دوو هەفتە بەردەوام دەبێت.

**3- ماندوێتی دەروونیی توند:** ئەم جۆرە لە ئەنجامی نیشانە جەستەییەکانەوە دروست دەبێت، وەک بریبنی گەدە، ئازاری درێژخایەنی پشت، و سەرئێشەی توند. بەڵام ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت و بە شێوەی نەخۆشیی جەستەیی و دەروونیی درێژخایەن دەربکەوێت، ئەوا ماندوێتیی دەروونی دەبێتە کێشەیەکی مەترسیدار (گزال،2019،ص27).

## 2-5 پەیوەندی نێوان تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی

تەڵاقی سۆزداری بریتییە لە هەستکردن بە نامۆبوون و نەمانی پەیوەندی سۆزداری لەنێوان هاوسەراندا سەرەڕای بوونی ژیانی هاوبەش، بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکان لەنێوان ئەم دووگۆڕاوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و دوولایەنەی ئەرێنی هەیە. ، بەو واتایەی کە بەرزبوونەوەی هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئەوی دیکەیان (Al-zoubi & Al-Khawaldeh, 2022, p. 197 ). هاوسەرانی تووشبوو بە تەڵاقی سۆزداری، کێشەی زۆریان لە ژیانی هاوسەرگیریدا هەیە، لەوانەش ماندووبوونی هاوسەرگیری و هەڵوێستی ناتەندروست( پوررحیمی و همكاران،2015، ص 251). لە لایەکی ترەوە، ماندووبوونی دەروونی، کە لە سەرەتادا وەک چەمکێک بۆ ژینگەی کار بەکارهاتووە، ئێستا بۆ چوارچێوەی فراوانتر وەک خێزان و جیابوونەوەش بەکاردێت،جیابوونەوە بە شێوەیەکی گشتی وەک یەکێک لەپڕفشارترین ڕووداوەکانی ژیان پۆلێن دەکرێت و زۆرجار پەیوەستە بە دڵەڕاوکێی دەروونی و تێکچوونی تەندروستی جەستەیی (Larsen & Hald, 2020, p. 451).توێژینەوەیەک کە لەسەر ژنانی نەزۆک ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە هەستکردن بە تەنیایی و تەڵاقی سۆزداری دەتوانن پێشبینی ماندووبوونی هاوسەرگیری بکەن (جعفری همکاران،2021،ص 323). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کاتێک هاوبەشی ژیان هەست بە تەنیایی و دووركەوتنەوەی سۆزداری دەکات، زیاتر تووشی ماندووبوونی دەروونی دەبێت لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا، لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ناکۆکی زیاتر و دەستپێشخەری جیابوونەوە لەلایەن هاوبەشی ژیانەوە، هۆکاری بەرچاون بۆ زیادبوونی ئاستی ماندووبوونی دوای جیابوونەوە لە هەردوو ڕەگەزدا لە ئەنجامدا، دەتوانرێت بوترێت کە تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی وەک بازنەیەکی داخراو کاردەکەن؛ کێشە و پەستان یان فشارە دەروونییەکان دەبنە هۆی ساردبوونەوەی سۆزداری و ئەم ساردبوونەوەیەش بە نۆرەی خۆی ماندووبوونی دەروونی زیاتر دەکات، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی کارکردن و تەندروستی گشتی تاکەکان دادەنێت (Larsen & Hald, 2020, pp.457,458)

## 2-6 پەیوەندی نێوان تەڵاقی سۆزداری و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان

دیاردەی تەڵاقی سۆزداری (Emotional Divorce)، کە بریتییە لە دووركەوتنەوەی دەروونی و ساردبوونەوەی پەیوەندیی هەستی نێوان هاوسەران لە کاتێکدا هێشتا لەژێر یەک سەقفدا دەژین، بە شێوەیەکی بەرفراوان پەیوەست کراوە بە کۆمەڵێک گۆڕاوی دیمۆگرافییەوە. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەم گۆڕاوانە دەتوانن وەک هۆکاری مەترسی (Risk Factors) یان هۆکاری پارێزەر (Protective Factors) ڕۆڵ بگێڕن. بۆ نموونە، ماوەی هاوسەرگیری یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکان؛ لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆتینی ژیان، ئەگەری دابڕانی سۆزداری زیاد دەکات، بەتایبەت لە قۆناغی "هێلانەی بەتاڵ" (Empty Nest)دا (Amato, 2010,p650). هەروەها، گۆڕاوەکانی وەک ئاستی خوێندن و باری ئابووری کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە، فشارە داراییەکان و ئاستی نزمی داهات دەتوانن ببنە هۆی زیادبوونی ناکۆکی و ماندوێتیی دەروونی، کە ئەمەش ڕێگە بۆ تەڵاقی سۆزداری خۆش دەکات، لە بەرامبەردا، ئاستی بەرزی خوێندن ڕەنگە توانای شیکردنەوەی کێشەکان و پەیوەندیی کاریگەر لەنێوان هاوسەراندا بەهێزتر بکات، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەتدا دەبێتە هۆی دروستبوونی چاوەڕوانیی جیاواز کە ئەگەری ناکۆکی زیاد دەکات(Karimi & Al-Zoubi,2019,p114) .

## 2-7 توێژینەوەکانی پێشوو (Literature Review)

### توێژینەوەی پەیوەست بە تەڵاقی سۆزداری

لە توێژینەوەی AL-shahrani&Hammad (2023 ) توێژینەوەیەکی وەسفیە لە کۆمەڵگەی سعودیە لەسەر ژنانی هاوسەردار ئەنجامدرا کە ئامانجی دیاریکردنی ئاستی بڵاوبوونەوەی تەڵاقی سۆزداری و پەیوەندی بە ئەلێکسیتایمیا (ناتوانایی دەربڕینی هەست) پشتیان بە پێوەری عەرەبی بۆ تەڵاقی سۆزداری بەست، کە لە ٣٧ بڕگە پێکهاتووە و سێ ڕەهەندی سەرەکی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، و سۆزداری) لەخۆدەگرێت. ئەم پێوەرە، کە خاوەنی جێگیرییەکی ناوەکیی بەرزە (ئەلفای کرۆنباخ = ٠,٧٩)، لەسەر نموونەیەکی ٣٠٥ کەسی جێبەجێ کرا. دەرەنجامەکان دەریانخست کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی بەشداربووان (زیاتر لە ٨٦٪) تووشی ئاستی مامناوەند و بەرزی تەڵاقی سۆزداری بوون. هەروەها، پەیوەندییەکی ئەرێنیی ئاماری لەنێوان گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان و ئاستی تەڵاقی سۆزداریدا دەرکەوت؛ بەجۆرێک کە ماوەی هاوسەرگیریی درێژتر، هەبوونی دوو منداڵ و زیاتر، و باری کارکردنی ژن (وەک ژنێکی کارکەر) هۆکاری کاریگەر بوون لەسەر بەرزبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بەم دیاردەیە. ئەم دەرەنجامانە گرنگیی لێکۆڵینەوە لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان وەک هۆکاری مەترسی بۆ تەڵاقی سۆزداری دووپات دەکەنەوە .

لە توێژینەوەی Shayesteh-Parto (2023) توێژینەوەیەکە لە وڵاتی ئێران ئەنجامدرابوو، ئامانجی توێژینەوە دیاریکردنی فشاری دەروونیی پەیوەست بە نەزۆکی و پەیوەندیی لەگەڵ تەڵاقی سۆزداری لەنێو خەڵکی نەزۆکی ئێراندا،توێژینەوەکە لەسەر نموونەیەکی ٢٠٠

کەسی (١٠٠ ژن و ١٠٠ پیاو)ی نەزۆک ئەنجامدرا کە سەردانی ناوەندێکی تایبەتمەندیان لە تاران کردبوو. توێژەران پشتیان بە پێوەری تەڵاقی سۆزداریی گۆتمان (EDS) و پێوەری کێشەکانی منداڵبوون (FPI) بەستبوو. ئەنجامەکانی "نیگەرانیی کۆمەڵایەتی" و "نیگەرانیی پەیوەندی" (وەک دوو جۆر لە فشاری نەزۆکی) پێشبینیکەری سەرەکیی تەڵاقی سۆزدارین و پێکەوە نزیکەی ٤٤٪ بۆ ٤٥٪ی گۆڕانکارییەکانی ئەم دیاردەیە ڕوون دەکەنەوە. جێی سەرنجە، توێژینەوەکە دەریخست کە "نیگەرانیی کۆمەڵایەتی" کاریگەریی بەهێزتری لەسەر تەڵاقی سۆزداریی ژنان هەبوو، لەکاتێکدا "نیگەرانیی پەیوەندی" کاریگەریی زیاتری لەسەر پیاوان هەبوو. لەم توێژینەوە دەرکەوت چۆن فشارێکی دەروونیی دیاریکراوی وەک نەزۆکی، لە ڕێگەی فشارە کۆمەڵایەتیەکانەوە ، دەتوانێت ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی تەڵاقی سۆزداری، لەگەڵ بوونی کاریگەریی جیاواز بەپێی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز.

**توێژینەوەی پەیوەست بەماندووبوونی دەروونی**

توێژینەوەی Nainar & Hisham (2016) توێژینەوەیەکە لە وڵاتی ئێران ئەنجامدرابوو، ئامانجی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی ڕادەی بڵاوبوونەوەی ماندووبوونی دەروونی و خەمۆکی بوو لەنێوان پزیشکانی ددان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەروەها ئامانجی دۆزینەوەی جیاوازییەکان بوو لە ڕادەی بڵاوبوونەوەی ماندووبوونی دەروونی و خەمۆکی لەسەر بنەمای ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، پراکتیکی کلینیکی، شوێنی جوگرافی، و ژمارەی کاتژمێرەکانی کار لە هەفتەیەکدا. توێژینەوەکە لەسەر ٧٣٥ پزیشکی ژن و پیاو جێبەجێ کراوە کە لە ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکیی ددان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاردەکەن. توێژینەوەکە هەندێک شێواز و ئامرازی بەکارهێناوە وەک لیستی پشکنینی ماسلاش بۆ ماندووبوونی دەروونی، و پرسیارنامەی تەندروستیی نەخۆش. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان ماندووبوونی دەروونی و خەمۆکیدا هەیە، و ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ماندووبوونی دەروونی و خەمۆکی بە ڕێککەوت ٩,١% بووە لای پزیشکانی ددان.

لە توێژینەوەی سلمان (2021) ئامانج لێی ناسینەوەی ئاستی هەردوو گۆڕاوەکە و دۆزینەوەی جۆری پەیوەندیی نێوانیان بوو، لەگەڵ زانینی جیاوازییەکان بەپێی ڕەگەز.توێژینەوەکە لە زانکۆی موستەنسریە ئەنجامدراوە ، نموونەی توێژینەوە لە (٤٠٠) مامۆستای نێر و مێی قۆناغی سەرەتایی پێکهاتبوو. ئەنجامەکان دەریانخست کە ئاستێکی بەرزی ماندووبوون دەروونی و چەقی کۆنترۆڵی دەرەکی لای مامۆستایان بوونی هەیە. هەروەها دەرکەوت کە پەیوەندییەکی ئەرێنی و ئاماریی بەهێز لەنێوان تێکشکانی دەروونی و چەقی کۆنترۆڵدا هەیە. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی ماناداری لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نەدۆزییەوە سەبارەت بە سروشتی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە.

## 3-1 ڕێبازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیە کە بە ئاڕاستەی چەندایەتی ئەنجام دراوە ڕێبازی وەسفی پەیوەندی بەکارهاتووە، دەگوونجێت لەگەڵ ئامانجەکان، بۆ شێوازی شیکردنەوەی ئاماریی پشت بە شێکردنەوەی چۆنیەتی داتاکان دەبەسترێت.

## 3-2 کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکدیت لە فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان (کەلار) پێکهاتووە (4500) فەرمانبەر (100%) ،ئەو فەرمانبەرانەی هاوسەرگیریان کردووەو لەپەیوەندی هاوسەرگیری بەردەوامن واتە (جیانەبونەتەوە،ژن یاخود مێرد نەمردووە) بەپێی ئامارەکان (3000) فەرمانبەرن (66%) فەرمانبەران لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ.

## 3-3 نموونەی توێژینەوە

کۆی گشتی نموونەی توێژینەوە (6) بەڕێوبەرایەتی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان(کەلار) کە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون، ئەو فەرمانبەرانە بەشداریان کردووە کە هاوسەرگیریان کردووە لە پەیوەندی هاوسەرگیری بەردەوامن واتە (نەبوونی تەڵاق ،ژن یان پیاو نەمردبێت) لە ساڵی (2025). (280) فەرمانبەر لەو بەڕێوبەرایەتیانە بۆ توێژینەوە لە هەردووو ڕەگەزی نێرو مێ هەڵبژێردران، کە (140) فەرمانبەر لە ڕەگەزی نێر (50%)، (140) فەرمانبەر لە ڕەگەزی مێ(50%)یە. خشتەی (1)نموونەی توێژینەوە بەپێی بەڕێوبەرایەتیەکان و گۆڕاوی ڕەگەز پیشان دەدات.

**خشتەی ژمارە (1) نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی دیمۆگرافی بەڕێوبەرایەتیەکان و ڕەگەز**

| بەڕێوبەرایەتیەکان | ژمارەی فەرمانبەر | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | (%) نێر | مێ | (%) مێ |
| پەروەردە | 53 | 24 | 17.1% | 29 | 20.7% |
| تەندروستی | 54 | 24 | 17.1% | 30 | 21.4% |
| گەشت و گوزار | 42 | 29 | 20.7% | 13 | 9.3% |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 21.4% | 30 | 8.6% | 12 | 42 | کتێبخانە |
| 9.3% | 13 | 21.4% | 30 | 43 | بەڕێوبەرایەتی ئاو |
| 17.9% | 25 | 15.0% | 21 | 46 | کاروبار ی کۆمەڵایەتی |
| 100% | 140 | 100% | 140 | 280 | گشتی |

## 3-4 ئامرازی توێژینەوە

1-**پێوەری تەڵاقی سۆزداری:** توێژەر بۆ پێوانەکردنی تەڵاقی سۆزداری لای نموونەی توێژینەوە پشتی بە پێوەری ئامادەکراو بەستووە کە لەلایەن هادی (2010) ئامادەکراوە کە لە (39) برگە پێکهاتووە بە گونجاندنی برگەکانی پێوەرەکە لە گەڵ بابەتی توێژینەوەکە،شایەنی باسە هەر برگەیەکی پێوەرەکە سێ جێگرەوەی هەیە،بەپێی پرسیارەکان دەگۆڕێت نمرەکان بەپێی برگەکان پێك دێت لە (1،2،3) و نمرە بەرزەکە ئەوەیە کە گۆڕاوەکە دەپێوێت،بەرزترین نمرەی چاوەڕوانکراو بۆ پێوەرەکە (117) نمرەیە و کەمترین نمرەی چاوەڕوانکراو (39) نمرەیە.

2- **پێوەری ماندووبوونی دەروونی**: توێژەر بۆ پێوانەکردنی ماندووبوونی دەروونی لای نموونەی توێژینەوە پشتی بە پێوەری ئامادەکراو بەستووە کە لەلایەن گزال(2019) ئامادەکراوە کە لە (26) برگە پێکهاتووەبە گونجاندنی برگەکانی پێوەرەکە لە گەڵ بابەتی توێژینەوەکە، بۆ هەر برگەیەك (5)بژاردە هەیە کە پێك دێت(هەمووجار جێبەجێدەبێت لەسەرم، زۆربەی جار جێبەجێدەبێت لەسەرم،هەندێ جار جێبەجێدەبێت لەسەرم،کەم جار جێبەجێدەبێت لەسەرم، جێبەجێ نابێت لەسەرم)، برگەکانیش (1، 2، 3، 4، 5) بەدوای یەکدان، بەمەش پلەی وەڵامدەرەوە لەسەر پێوەرەکە ڕەنگدانەوەی پلەی توندیی ماندوێتیی دەروونییەتی لای ئەو، هەرچەندە پلەکەی زیاد بکات، ئەوە مانای زیادبوونی توندیی ماندوێتیی دەروونییە لای تاکەکە

## 3-5 ڕاستگۆیی پێوەر Scale Validity

### 3-5-1 ڕاستی وەرگێران لەزمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی Validity Translation

بەمەبەستی دەرهێنانی وردی وەرگێڕانی پێوەری تەڵاقی سۆزداری، پێوەرەکە لە وێنەی بنەڕەتدا سێ وەرگێڕانی بۆ کراوە لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆڕو شارەزا لە زمانی عەرەبی بۆ کوردی،پاشان دەقی وەرگێڕاوە کوردیەکە پێشکەش بە کۆمەڵێك پسپۆڕی دەروونناسی شارەزا لە زمانی کوردی و عەرەبی کرا بۆ هەڵبژاردنی باشترین برگەی وەرگێران ،دواتر درا بەپسپۆڕێکی تر بۆدوبارە وەرگێڕانی پێوەرەکە لەزمانی کوردی،بۆزمانی عەرەبی ،پاشان دەقی عەرەبی ڕەسەن بەراوردکرا بە دەقی عەربی وەرگێڕاو کرا ،هەندێك جیاوازی هەبوو لەڕووی دارشتنەوە لە دووخاڵی پێوەرەکە، دواتر بەراوردو هەڵسەنگاندن بۆ پێوەرەکە کرا، وردی وەرگێران بریتیبوو لە (95%).سەبارەت بە پێوەری ماندووبوونی دەرونی پێوەرەکە بە زمانی کوردی بوو بۆیە پێویستی بەڕاستی وەرگێران نەبووە.

### 3-5-2 ڕاستگۆیی ڕواڵەت Face Validity

ڕاستی ڕواڵەت لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆڕو شارەزایی بوارەکە بە دەستدەهێنرێت، بەمەبەستی دەربڕینی بۆچوون و تێبینیان سەبارەت بە گونجانی ،نەگونجانی برگەکانی پێوەرەکە.بۆ ئەم مەبەستەش پێوەرکانە تەڵاقی سۆزداری، ماندووبوونی دەروونی پێشکەش بە (10) پسپۆڕی بوارەکە کرا ،پاش پێداچونەوەو بەدواداچوون بەڕاوبۆچوونی پسپۆڕان. بە کارهێنانی هاوکێشەیی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی . لە ئەنجامداپێوەری تەڵاقی سۆزداری هەموو برگەکان لە سەرووی (85%) بوو، سەبارەت بە ماندووبوونی دەروونی هەموو برگەکانی لەسەرووی (90%)ئەمەش بەواتایی پەسەندکردنی هەموو برگەکانە لای پسپۆڕان و شارەزایان دێت، هیچ برگەیەك لە پێوەرەکان لانەدرا، لەگەڵ ئەوەی هەندێك گۆڕانکاری لاوەکی کرا لە هەندێك لە برگەکانی پێوەرەکان لە ڕووی زمانەوانی و دارشتنەوە، خشتەی ژمارە (2) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (2) ڕاستی ڕواڵەت بۆ پێوەرەکانی (تەڵاقی سۆزداری) و( ماندووبوونی دەروونی)**

| پێوەرەکان | ڕای شارەزایان بەڕێژەی سەدی% | برگەکانی پێوەر |
|---|---|---|
| تەڵاقی سۆزداری | 100 | 2 ،3 ،4، 7 ، 8، 9، 10، 11، 12، 13، 14، 16، 18، 21، 22، 28،24، 29، 30، 31، 32، 33، 34، 35، 36، 37، 38، 39 |
| | 95 | 15، 17، 19، 20 ، 27 |
| | 90 | 23، 25، 26 |
| | 85 | 1، 5، 6، 11 |
| ماندووبوونی دەروونی | 100 | 2 ،3 ،4، 5، 8، 9، 10، 11، 12، 13، 14، 16، 18، 21، 22، 24 |
| | 95 | 15، 17، 19، 20 |
| | 90 | 1، 26، 23 |

### 3-6 جێگیری پێوەرScale Reliability :

بۆ پشتراستکردنەوەی جێگیری پێوەری تەڵاق سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی توێژەر هەڵسا بە بەکارهێنانی ڕێگاکانی:

#### 3-6-1 دوبارە تاقیکردنەوەTest-retest method

بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەستراوە بەدوبارە تاقیکردنەوە بۆ دەرهێنانی جێگیری بۆ پێوەرەکانی تەڵاق سۆزداریو ماندوبوونی دەروونی بەسەر نموونەی جێگیری جێبەجێکرا کە پێکهاتبوون لە (40) فەرمانبەر لە هەردوو ڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە (2025/5/3) بەشێوەی ڕاستەوخۆو دەستی پێشکەش بە نموونەکە کرا، پاش دوو هەفتە لە (18-5-2025) دوبارە دابەشکرایەوە بەسەر هەمان نموونەی پێشوو.پاش دابەشکردنی فۆرمەکان ، هاوکۆلکەی پەیوەندی دۆزرایەوە بۆ هەردوو نمرەی بەدەستهاتوو لە پێوەرەکە بۆ هەرتاکێك کە کۆی گشتی ژمارەیان (40)فەرمانبەرە،لەئەنجامدا دەرکەوت کە هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسەن بۆ تەڵاق سۆزداری لەنێوان دابەشکردنی یەکەم و دابەشکردنی دووەم بریتیبوو لە (0.99) بە ئاستی بەڵگەداری (0.01) کە ئەمە نیشانی دەدات پێوەری تەڵاق سۆزداری جێگیریەکی ئاماری گرنگ و بەرزی هەیە. سەبارەت بە ماندووبوونی دەرونی ئەنجامی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسن (0.93) دەرکەوت بە ئاستی بەڵگەداری (0.01) ئەم ئەنجامەش پیشانی دەدات ماندووبوونی دەروونی جێگیریەکی ئاماری گرنگ و بەرزی هەیە .

#### 3-6-2 هاوکۆلکەی ئەلفا Coefficient Alpha

بۆ ئەژمارکردنی جێگیری بە شێوازە هاوکۆلکەی ئەلفا بۆ هەردوو پێوەری تەڵاق سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی، بەسەر نموونەی جێگیری (40) فەرمانبەر جێبەجێکرا کە لەپێشتردا شێوازی دوبارە تاقیکردنەوەیان بەسەر جێبەجێکرا،پاش جێبەجێکردنی هاوکۆلکەی ئەلفا ،هاوکۆلکەی جێگیری پێوەر(0.89)بوو بۆ پێوەری تەڵاق سۆزداری.سەبارەت بە ماندووبوونە دەروونی هاوکۆلکەی جێگیری(0.93) بووە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گونجانی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکانی پێوەری تەڵاق سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی.

**3-7 ڕەزامەندی کار** بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە پشت بەسترا بە نوسراوی (20471) لە ڕێکەوتی (11/ 12/ 2024) کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی خوێندنی باڵاو کاروباری زانستی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر پێشکەش بە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتیەکان کرا. پێش پڕکردنەوەی فۆرم ڕەزامەندی لە نموونەی توێژینەوە وەرگیراوە، پێوەراکان بەشێوەی فۆرمی دەستی ڕاستەوخۆ دابەشکرا بەسەر نموونەی توێژینەوە.

**3-8 کەرەستەی ئاماری** داتاکان لە ڕێگەی ئاماری Spss (وەشانی 25) شیکردنەوەی بۆ کراوە لەڕێگەی هاوکێشەی ڕێژەی سەدی ، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری ، تی تێست(T. test) ، ئەنۆڤا (Anova) .

### 4 ئەنجامەکان

**دەرخستنی ئاستی تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی لای بەشداربوانی نموونەی توێژینەوە**

لەئەنجامی شیکردنەوەی تاقیکردنەوەی یەك نموونەی (One Sample t.test) دەرکەوتووە کە تەڵاق سۆزداری لای نموونەی توێژینەوە لەئاستێکی نزمدایە چونکە ناوەندی ژمێریی (M= 59.66) > (A=78) هەروەها تائی ژمێردراو (-28.1) > تائی خشتەیی (1.646)، بەڵگەدارە چونکە (sig=0.01) > (sig=0.05) خشتەی(3) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی (3) ئاستی تەڵاقی سۆزداری لای نموونەی توێژینەوە**

| | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | ت.ژمێردراو | ت.خشتەیی | نمرەی سەربەست | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەڵاق سۆزداری | 280 | 59.657 | 78 | -28.141 | 1.646 | 279 | 0.01 |

ڕەنگە ئەم ئەنجامەش بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە،وەك فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان گرنگیدان بە خێزان و پەیوەندیە خێزانییەکان لە کلتووری کوردیدا دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت لە کەمکردنەوەی تەڵاق سۆزداری. پشتگیری کۆمەڵایەتی بوونی تۆڕێکی بەهێزی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی (هاوڕێ، خێزان، هاوپیشە) دەتوانێت وەک پارێزەرێک کار بکات دژی تەڵاق سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی.بوونی پەیوەندی سۆزداری نێوان ژن و مێرد، لێکتێگەشتنی نێوان ژن و مێرد،یاخود بەهۆی داخراوی کۆمەڵگەو ناوچەکە ڕەنگە نموونەی توێژینەوە نەتوانن لەهەندێك بابەت کە ڕێگە پێنەدراوە لەڕووی داب و نەریتی ئەو ناوچە بەدروستی وەڵام بدەنەوە. دەتوانرێت لە ڕوانگەی چەندین بیردۆزی دەروونیەوە شیکردنەوەو پشتگیری ئەم ئەنجامە بکرێت، بەپێی بۆچونی جۆرج هۆمنازو پیتەر بلاو تاکەکان لەپەیوەندیەکاندا بەردەوام خەریکی هەڵسەنگاندنی تێچوو قازانجەکانن (وەک پاڵپشتی سۆزداری، هاوکاری، دڵخۆشی ) زیاتر بن لە تێچووەکانی (وەک ناکۆکی، بێزاری، قوربانیدان)، ئەوا تاکەکان زیاتر پابەند دەبن و کەمتر مەیلی تێکشکانی سۆزدارییان دەبێت. نزمبوونی

تەڵاق سۆزداری دەتوانێت نیشانەی ئەوە بێت کە زۆربەی بەشداربووان هەست بە قازانجی باش دەکەن لە پەیوەندییەکانیاندا (Blau, 1964, p. 70). بەپێی بیردۆزی گۆتمان ئەو خێزانانەی خاوەنی کۆمەڵە بنەمایەکی پتەون وەك نەخشەی خۆشەویستی ڕێزو سۆزی دولایەنە وادەکات وەك قەڵغانێك کاربکات دژی ساردبوونەوەی سۆزداری (Gottman and Silver, 2015 pp. 48-65) . ئەم ئەنجامەش پشتگیری دەکرێت بە توێژینەوەی الصبان ولاخرون(2020) کەلەئەنجامدا دەرکەوتووە کە جیابوونەوەی سۆزداری لای نموونەی توێژینەوە لە ئاستێکی نزمدایە. لە توێژینەوەی AL-shahrani&Hammad (2023) دەرکەوتووە کەوا تەڵاقی سۆزداری ئاستێکی ناوەند بۆ توندیان هەیە.

لە خشتەی (4) لەئەنجامی شیکردنەوەی تاقیکردنەوەی یەك نموونەی (One Sample t.test) دەردەکەوێت ئاستی ماندووبوونی دەروونی لای نموونەی توێژینەوە لەئاستێکی نزمدایە،چونکە ناوەندی ژمێری (M=58.382) < ناوەندی گریمانەیی (A=78)، هەروەهاتائی ژمێردراو (-18.603) < تائی خشتەیی (1.646) ،بەڵگەدارە چونکە (sig=0.01)>(sig=0.05).

**خشتەی (4)ئاستی ماندووبوونی دەروونی لای نموونەی توێژینەوە**

| | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | ت.ژمێردراو | ت.خشتەیی | نمرەی سەربەست | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ماندووبوونی دەروونی | 280 | 58.382 | 78 | -18.603 | 1.646 | 279 | 0.01 |

سەبارەت بە ماندووبوونی دەروونی بەپێی بۆچوونی لازارۆس و فۆلکمان  پێدەچێت تاکەکان هەڵسەنگاندنی سەرەتایی ئەرێنییان بۆ بارودۆخە فشاراوییەکان کردبێت بەو واتایەی کە ئەو بارودۆخانەیان وەك هەڕەشەیەکی گەورە یان زیانبەخش نەبینیوە، بەڵکو وەك شتێکی ئاسایی یان تەنانەت وەك کێشەیەکی کاتی هەڵیان سەنگاندووە, یاخود هەستیان کردووە کە خاوەنی سەرچاوە و توانای پێویستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخانە ئەم باوەڕە بە تواناکانی خۆیان وایکردووە کە بە شێوەیەکی کاریگەرتر مامەڵە لەگەڵ فشارکەدا بکەن, لەگەڵ بوونی ستراتیژیەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ سترێسەکان(Lazarus & Folkman, 1984, pp.28- 32) . بەپێی تێروانینی ئارۆن بێک پێی وایە سەرچاوەی سەرەکی ماندووبوونی دەروونی لە بیرکردنەوە و بۆچوونی نەرێنی و ناڕاستەوە سەرچاوە دەگرێت دەربارەی خۆمان، داهاتوو، و جیهان، کە بە "سێگۆشەی مەعریفی نەرێنی" ناسراوە(Beck, 1979, p.56) . لێرەداکەمی ماندووبوون ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەکە کەمتر کاریگەرن بە بیرکردنەوە نەرێنیەکان، ڕەنگە خاوەنی شێوازی بیرکردنەوەی واقیعییانە و هاوسەنگ بن کە ڕێگەیان پێدەدات بە شێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ فشار و ئەرکەکانی ژیاندا بکەن(Beck et al., 1979, p. 46) .  هەروەها توێژینەوەی Nainar(2016) Hisham&ئاستێکی کەمی ماندووبوونی دەروونی لای پزیشکانی ددان لە ئەمریکا دیاری کردووە. لە بەرامبەردا، توێژینەوەکانی جرجیس ولاخرون( 2019) و سلمان( 2021) ئاماژەیان بە ئاستێکی بەرزی ماندووبوونی دەروونی کردووە لای فەرمانبەران و مامۆستایان. ئەم جیاوازییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فشارە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەر ژینگەیەکدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە دیاریکردنی ئاستی بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە.

**دەرخستنی ڕۆڵی  گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان (ڕەگەز، ماوەی هاوسەرگیری، باری ئابووری ، شوێنی کار) لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە**

**1-ڕەگەز**

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوە، تاقیکردنەوەی (t)بۆ دوونموونەی سەربەخۆ(Independent Sample t-test) بەکارهێنراوە، دەرکەوتووە کەوا جیاوازی بەڵگەدارهەیە لەتەڵاقی سۆزداری چونکە (sig=0.01)>(sig= 0.05) ،هەروەها بەهای تائی ژمێردراو گەورەترە لەبەهای خشتەی واتە جیاوازی هەیە،لەڕێگەی دەرهێنانی ناوەندە ژمێری دەرکەوتووە کەوا تەڵاقی سۆزداری لای ڕەگەزی نێر زۆرترە (M= 60.00) > بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ (M= 59.06) .هەرچی سەبارەت بە ماندووبوونی دەروونی دەرکەوتووە کەوا جیاوازی بەڵگەدارهەیە چونکە (sig=0.01)>(sig= 0.05) و هەروەها لەڕێگەی دەرهێنانی ناوەندە ژمێری دەرکەوتووە کەوا ماندووبوونی دەروونی لای ڕەگەزی نێر زۆرترە (M=59.993) > بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ ( M= 56.774)، لە خشتەی ژمارە (5) ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (5) تاقیکردنەوەی دوو نموونەی بۆ ئاستی تەڵاقی سۆزداری ماندووبوونی دەروونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێرو مێ**

| | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای T ژمێردراو. | خشتەیی | نمرەی سەربەست | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەڵاق سۆزداری بەپێی ڕەگەز | نێر | 140 | 60.04 | 11.222 | 91.222 | 1,96 | 278 | 0,01 |
| | مێ | 140 | 59.06 | 10.561 | | | | |
| ماندووبوون(شەکەتی)دەروونی | نێر | 140 | 59.993 | 17.459 | 55.36 | 1,96 | 278 | 0,01 |
| | مێ | 140 | 56.774 | 17.747 | | | | |

ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی چاوەڕوانییە گشتییەکانە کەوا دەزانرێت ژنان زیاتر تووشی تەڵاقی سۆزداری,ماندووبوونی دەروونی دەبن بەهۆی هەستیاری زیاترەوە,ئەم ئەنجامەش دەتوانرێت بۆ چەندهۆکارێك بگەڕێنرێتەوە وەك: بوونی فشارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پیاوان، چونکە پیاوان زیاتر لەژێر فشاری بەهێزدان بۆ دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانی خێزان و پێگەی کۆمەڵایەتی. ئەم فشارانە دەتوانن ببنە هۆی کەمبوونەوەی توانای پیاوان بۆ دەربڕینی سۆزداری و هەستەکانیان، کە لە ماوەیەکی درێژدا دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی سۆزداری لە هاوسەرەکانیان(Gottman &Levenson, 1999, p. 7). شێوازی مامەڵەکردنی جیاواز لەگەڵ کێشەکان ڕەنگەپیاوان شێوازی جیاوازیان هەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە پەیوەندیەکان، بەتایبەتی لەکاتی بوونی گرژی و ناکۆکی، ڕەنگە پیاوان زیاتر شێوازی خۆپاراستن بەکاربهێنن، کە تیایدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی سۆزداری و گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکان خۆیان دووردەگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی تەڵاقی سۆزداری .کاریگەری ڕۆڵە جێندەرییەکان(ڕەگەزیەکان) :کۆمەڵگە بە گشتی ڕۆڵی دیاریکراوی بۆ پیاوان و ژنان داناوە، لە چەندین کولتووردا، پیاوان فێر دەکرێن کە "بەهێز" بن و هەستەکانیان دەرنەبڕن، ئەم کۆتوبەندانە دەتوانن ڕێگر بن لە دروستکردنی پەیوەندی سۆزداری قووڵ و تەندروست، و لە ئەنجامدا ئاستی تەڵاقی سۆزداری بەرز دەبێتەوە لای پیاوان. بەپێی بۆچوونی جۆرج هۆمانس و پیتەر بلاو تاکەکان هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ قازانج و زیانەکانی پەیوەندیەك،ڕەنگە پیاوان بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە ، کەمتر هەست بە "زیان" بکەن لە پچڕانی سۆزداریدا یان تێچووی هەوڵدانی بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییە سۆزدارییەکە بە زۆرتر بزانن لە سوودەکانی. بەبڕوای جۆن بۆڵبی و ماری ئاینزۆرث ئەو پیاوانەی کە لە منداڵیدا شێوازی پەیوەندی ناپارێزراویان هەبووە، لەوانەیە لە گەورەیشدا کەمتر توانای نزیکبوونەوەی سۆزدارییان هەبێت و زیاتر مەودای سۆزداری دروست بکەن، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تەڵاقی سۆزدارییەوە هەیە (Bowlby, 1969, p. 305) .ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەی هادی (2012) کە تەڵاقی سۆزداری لای ڕەگەزی نێر زیاترە، لە توێژینەوەی Afrasiabi (2015) دەرکەوتووە کە جیاوازی ئاماری گرنگ هەیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.سەبارەت بە ماندووبوونی دەروونی ڕۆڵی فشار لەسەر پیاوان ، پیاوان زیاتر لەژێر فشاری گەورەدان لە ڕووی کاری و خێزانییەوە، ئەم فشارە بەردەوامانە دەتوانن ببنە هۆی ماندووبوونی دەروونی.نەبوونی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی پیاوان کەمتر مەیلیان هەیە بۆ داواکردنی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و دەربڕینی هەستەکانیان بە بەراورد بە ژنان ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی کۆبوونەوەی فشاروو و زیادبوونی ماندووبوون . بەپێی بیردۆزی لازاروس و فولکمان مرۆڤ شێوازی جیاوازیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سترێس.ڕەنگە پیاوان زیاتر پشت بە شێوازی خۆپارێزی یان سەرنج گۆڕین ببەستن، لە کاتێکدا ژنان زیاتر مامەڵە لەگەڵ هەستەکانیان دەکەن. ئەم جیاوازیانە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئاستی ماندووبوونی دەروونی (Lazarus & Folkman, 1984, p. 165) . Eagly & Wood پێیات وایەفشاری کۆمەڵایەتی لەسەر پیاوان بۆ پابەندبوون بەداب و نەریتە تەقلیدەکان تواناییان بۆ دروستکردنی نزیکایەتیی سۆزداری لاواز دەکات، و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگریان لێ دەکات لە بەکارهێنانی میکانیزمی خۆگونجاندنی تەندروست، کە دواجار دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی (Eagly & Wood, 2012, pp. 461-462 ). لە توێژینەوەی جرجیس ولاخرون (2019) گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی ئاماری هەیە لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێدا بەڵام توێژینەوەی سلمان (2021) هیچ جیاوازیەکی ئاماری نەدۆزیەوە لە نێوان هەردوو ڕەگەز.

**2- ماوەی هاوسەرگیری**

شیکاری ئاماری ئەنۆڤا (One way ANOVA) ، بەکارهێنرا بۆ زانینی ئاستی تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی لای گۆڕاوی دیمۆگرافی ماوەی هاوسەرگیری، دەرکەوتووە کەوا جیاوازی هەیە لەتەڵاقی سۆزدارلای گۆڕاوی دیمۆگرافی ماوەی هاوسەرگیری چونکە (sig=0.016)<(sig= 0.05 ) لە خشتەی (6) دەرکەوتووە. بەپێی شیکردنەوەی توکی (Tukey) ڕێژەی تەلاقی سۆزداری لە گروپی ماوەی هاوسەرگیری زیاتر لە(30 ساڵ زیاترە لە خشتەی (7) دەرکەوتووە, چونکە ناوەندە ژمێری (M= 81.00) زیاترەبە بەراورد بە گروپەکانی تر لەخشتەی (8) دەرکەوتووە .سەبارەت بە ماندووبوونی دەروونی دەرکەوتووە کەوا جیاوازی نیە لە ماندووبوونی دەروونی بەپێی ماوەی

هاوسەرگیری  چونکە (sig=0.077) > (sig=0.05)، هەروەها فایی ژمێردراو (F=2.130)< فایی خشتەیی(F=2.38) ئەمەش پیشانی دەدات کە جیاوازی گرنگی ئاستی ئاماری نیە لەنێوان گروپەکان لە خشتەی (9) دەرکەوتووە.

**خشتەی ژمارە (6) شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ گۆڕاوی دیمۆگرافی ماوەی هاوسەرگیر**

ANOVA

| | Sum of Squares | نمرەی ئازاد | Mean Square | بەهای (F) | Sig. | ئاستی گوزارشت 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێوان گروپەکان | 1437.979 | 4 | 359.495 | | | |
| ناو گروپەکان | 31952.589 | 275 | 116.191 | 3.094 | .016 | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| کۆ | 33390.568 | 279 | | | | |

**خشتەی ژماری (7) شیکردنەوەی (Post Hoc) بۆ تەڵاقی سۆزداری بەپێی گۆڕاودی دیمۆگرافی ماوەی هاوسەرگیری**

| ماوەی هاوسەرگیری | | جیاوازی ناوەند | Sig | ئاستی گوزارشت 0.05 |
|---|---|---|---|---|
| (0-5) ساڵ | 5-10ساڵ | -2.264 | .743 | بەڵگەدارنیە |
| | 10-20ساڵ | -3.542 | .221 | بەڵگەدار نیە |
| | 20-30ساڵ | -2.454 | .767 | بەڵگەدار نیە |
| | زیاتر لە ٣٠ ساڵ | -23.710* | .020 | بەڵگەدارە |
| (10-5) ساڵ | 5-10ساڵ | 2.264 | .743 | بەڵگەدار نیە |
| | 10-20ساڵ | -1.278 | .946 | بەڵگەدار نیە |
| | 20-30ساڵ | -.190 | 1.000 | بەڵگەدار نیە |
| | زیاتر لە ٣٠ ساڵ | -21.446* | .047 | بەڵگەدارە |
| (10-20) ساڵ | 5-10ساڵ | 3.542 | .221 | بەڵگەدار نیە |
| | 10-20ساڵ | 1.278 | .946 | بەڵگەدار نیە |
| | 20-30ساڵ | 1.087 | .981 | بەڵگەدار نیە |
| | زیاتر لە ٣٠ ساڵ | -20.168 | .043 | بەڵگەدارە |
| (30-20) ساڵ | 5-10ساڵ | 2.454 | .767 | بەڵگەدار نیە |
| | 10-20ساڵ | .190 | 1.000 | بەڵگەدار نیە |
| | 20-30ساڵ | -1.087 | .981 | بەڵگەدار نیە |
| | زیاتر لە ٣٠ ساڵ | -21.256 | .044 | بەڵگەدارە |
| زیاتر لە 30 ساڵ | 5-10ساڵ | 23.710* | .020 | بەڵگەدارە |
| | 10-20ساڵ | 21.446* | .047 | بەڵگەدارە |
| | 20-30ساڵ | 20.168 | .069 | بەڵگەدار نیە |
| | زیاتر لە ٣٠ ساڵ | 21.256 | .042 | بەڵگەدارە |

**خشتەی ژمارە (8) زانینی ئاستی تەڵاقی سۆزداری بەپێی ناوەندی ژمێرەیی لای گروپی ماوەی هاوسەرگیری**

| | ماوەی هاوسەرگیری | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| تەڵاقی سۆزداری | 0-5ساڵ | 68 | 57.22 | 10.190 |
| | 5-10ساڵ | 64 | 59.19 | 9.888 |
| | 10-20ساڵ | 101 | 60.83 | 11.407 |
| | 20-30ساڵ | 43 | 59.74 | 10.957 |
| | زیاتر لە ٣٠ ساڵ | 2 | 81.00 | 14.142 |
| | Total | 278 | 59.55 | 10.888 |

ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەی AL-shahrani&Hammad (2023) کە دەریخستووە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان درێژی ماوەی هاوسەرگیری و تەڵاقی سۆزداری هەیە.  لە توێژینەوەی هادی (2010) دەرکەوتووە کە جیاوازی نیە بەپێی ماوەی هاوسەرگیری . بەپێی بیردۆزی ستێرنبێرگ ئەگەر لە هاوسەرگیری درێژخایەن پێکهاتەکانی ئارەزوو ، نزیکایەتی سۆزداری بپوکێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها پابەندبوونەوە،ئەمەش پێی دەڵێت خۆشەویستی بەتاڵ ، ناوەڕۆکی سەرەکیی تەڵاقی سۆزداری پێک دەهێنێت؛ واتە هاوسەران تەنها لەبەر هۆکارە دەرەکییەکان پێکەوەن، بەبێ بوونی هیچ پەیوەندییەکی سۆزداریی زیندوو ( Sternberg, 1986, p. 123). کات بە تەنها هۆکار نییە، بەڵکو ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی لەماوەی ساڵە درێژەکانی هاوسەرگیریدا ڕوودەدەن، هۆکاری سەرەکین. دەتوانیت بڵێیت کە

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە هاوسەرگیریی درێژخایەن پێویستی بە هەوڵ و کاری بەردەوام هەیە بۆ پاراستنی پەیوەندی سۆزداری. ئەگەر گرنگی بە گەشەی هاوبەش، گفتوگۆی کراوە و چارەسەرکردنی کێشەکان نەدرێت، ئەگەری دوورکەوتنەوە و دروستبوونی تەڵاقی سۆزداری زیاد دەکات،وە هاوسەران ماندوودەبن لە قبولکردنی یەکتر.

**3- باری ئابوری، ،بڕوانامە،شوێنی کار**

خشتەی(9) شیکاری ئاماری ئەنۆڤا (One way ANOVA) بۆ تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی لای گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی (باری ئابوری، ،بڕوانامە،شوێنی کار) دەرکەوتووە جیاوازی نیە ،ئەمەش لە ڕێگەی بەراوردکرنی ئاستی بەڵگەداریان کە گەورەتربووە لە(sig=0.05)،هەروەها فائی ژمێردراو بچوکترە لە فائی خشتەی ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی تەڵاقی سۆزداری لەنێوان گروپەکانی هەریەك لەو گۆڕاوە دیمۆگرافیانە.سەبارەت بە ماندووبوونی دەروونی لای گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی (باری ئابوری،بڕوانامە،شوێنی کار) دەرکەوتووە جیاوازی نیە ،ئەمەش لە ڕێگەی بەراوردکرنی ئاستی بەڵگەداریان کە گەورەتربووە لە(sig=0.05)،هەروەها فائی ژمێردراو بچوکترە لە فائی خشتەی ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی ماندووبوونی دەروونی لەنێوان گروپەکانی هەریەك لەو گۆڕوە دیمۆگرافیانە

**خشتەی (9)شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی (باری ئابوری،بڕوانامە،شوێنی کار)**

| گۆڕاوەکان | | F ژمێردراو | F خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|
| تەڵاقی سۆزداری | بڕوانامە | 1.786 | 2.21 | 0.116 | جیاوازی نیە |
| | شوێنی کار | 1.224 | 2.21 | 0.298 | جیاوازی نیە |
| | باری ئابوری | 1.773 | 3.03 | 0.172 | جیاوازی نیە |
| | ماوەی هاوسەرگیری | 2.130 | 2.38 | 0.077 | جیاوازی نیە |
| ماندووبوونی دەروونی | بڕوانامە | 0.487 | 2.21 | 0.786 | جیاوازی نیە |
| | شوێنی کار | 1.173 | 2.21 | 0.323 | جیاوازی نیە |
| | باری ئابوری | 1. 766 | 3.03 | 0.173 | جیاوازی نیە |

لەتوێژینەوەی Latifian (2024)) دەرکەوتووە کەوا ئاستی تەڵاقی سۆزداری جیاوازی نیە بەپێی ئاستی خوێندن، لە توێژینەوەی Afrasiabi (2015) هیچ جیاوازیەك نەدۆزرایەوە لە نێوان تەڵاقی سۆزداری گۆڕاوی ئاستی خوێند ، جیاوازی شوێنی کار،تەمەن، هەروەها لە توێژینەوەی الصبان ولاخرون(2020) هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەدینەکرا بۆ گۆڕاوی ئاستی خوێندن و باری ئابوری، ئەم ئەنجامەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەگەر سۆزو خۆشەویستی لەنێوان هاوسەراندا هەبێت ئەوا هیچ بوارێکی ژیان ناتوانێت بەربەست بێت لەبەردەمیدا.سەبارەت بە ماندووبوونی دەروونی لە توێژینەوەی جرجیس ولاخرون(2019) جیاوازی ئاماری مانادار دۆزرایەوە لە نێوان ماندووبوونی دەروونی و شوێنی کارو تەمەن.ئەم جیاوازی ئەنجامەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ناوچەیی داب و نەریت،هەروەها ژمارەی ئەوکەسانەی کەسەردانی دەکەن بەپێی باری جوگرافیای ناوچەکە جیاوازە،مامەڵەکردنی سەرپەرشتیارو بەڕێوبەران وادەکات ئەم کایگەرە زۆربێت یاخود کەم.

**دەرخستنی پەیوەندی نێوان تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی**

خشتەی (10) ئەنجامی هاوکێشەی پەیوەندی پێرسن(Pearson Correlation) ،بۆزانینی سروشتی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوەکە، ئەنجامی ئەو پەیوەندیە دەرکەوت بە (0.462) ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندیەکی ئەرێنی دەکات لەنێوان تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی بەئاستی بەڵگەداری(0.01).

**خشتەی (10)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسن لەنێوان تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی**

| گۆڕاو | نموونە | لادانی پێوەری | ئاستی بەڵگەدار | سروشتی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|
| تەڵاقی سۆزداری | 280 | 10.94 | 0.01 | 0.462 |
| ماندووبوون دەروونی | | 17,64 | | |

بەپێی زۆربەی ئەنجامی توێژینەوەکان دەرکەوتووە کە تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی پەیوەندی ئەرێنان هەیە لەگەڵ گۆڕاوەکانی تر ، لەتوێژینەوەی عبدالجواد(2019) دەرکەوتووە پەیوەندی ئەرێنی هەیە لەنێوان دڵەڕاوکێی مندالبوون و ماندووبوونی دەروونی ، پێی وایە

یەکێك لە ئەنجامەکانی دڵەڕاوکێی منداڵبوون لای ئەو ژنانەی لەبارچونیان هەیەدروستبوونی لاوازی سۆزدارییە کە هۆکاری دروستبوونی ماندووبوونی دەرونیە. پەیوەندییە ئەرێنی نێوان تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی بەڵگەیی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و شێوازی پەیوەندییە نزیکەکانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستیی دەروونی تاکەکە دادەنێت. تەڵاقی سۆزداری تاک لە سەرچاوەیەکی ژیانیی گرنگ بێبەش دەکات ئەویش پشتیوانیی سۆزدارییە، دیگۆرێت بۆ فشارێکی درێژخایەن. ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە، بەپێی بیردۆزی پاراستنی سەرچاوەکان(COR) ، کە لەدەستدانی سەرچاوەکان بە هۆکاری سەرەکیی فشار دادەنێت (Hobfoll, 1989, p. 516)، و بیردۆزی فشار و خۆگونجاندن، کە فشار وەک پەیوەندیی نێوان تاک و ژینگە دەناسێنێت کە لە تواناکانی تاك زیاترە تاک بەرەو دۆخێک پاڵ پێوە دەنێن کە تێیدا هەموو وزە و توانا دەروونییەکانی دادەماڵێت، کە ئەمەش ناوەرۆکی سەرەکیی ماندووبوونی دەروونییە(Lazarus and Folkman, 1984, p. 19).

## دەرئەنجام

**لە چوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە کۆکراوەتەوە شیکردنەوەی بۆ کراوە،توێژەر گەشتۆتە کۆمەڵێك دەرئەنجام**

1- ئاستی تەڵاقی سۆزداری و ماندووبونی دەروونی بەرێژەیەکی کەم بوونی هەیە لای فەرمانبەرانبەرانی بەریوبەرایەتیەکان.

2جیاوازی ئاماری بەڵگەدار دۆزرایەوە لەنێوان تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی لای گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر بە ئاستی بەڵگەداری (0.05)

3- جیاوازی ئاماری بەڵگەدار دۆزرایەوە لەنێوان تەڵاقی سۆزداری و گۆڕاوی ماوەی هاوسەرگیری لەبەرژەوەندی ئەوکەسانەی زیاتر لە (30)ساڵ هاوسەرگیریان کردووە بە ئاستی بەڵگەداری (0.05)

4-هیچ جیاوازیەکی ئاماری گرنگی بەڵگەدار نەدۆزرایەوە لە تەڵاقی سۆزداری بەپێی گۆڕاوی دیمۆگرافی (داهات، بڕوانامە،شوێنی کارکردن).

5- هیچ جیاوازیەکی ئاماری گرنگی بەڵگەدار نەدۆزرایەوە لە ماندووبوونی دەروونی بەپێی گۆڕاوی دیمۆگرافی (ماوەی هاوسەرگیری،داهات، بڕوانامە،شوێنی کارکردن).

6-پەیوەندیەکی ئاماری پۆزەتیف بەدیکرا لەنێوان تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونی بەئاستی بەڵگەداری (0.01) لای فەرمانبەرانی بەرێوبەرایەتیەکانی ئیدارەی گەرمیان.

## ڕاسپاردەکان(Recommendations):

1 داوا لەکاروباری کۆمەڵایەتی دەکرێت بەدامەزراندنی ناوەندی ڕاوێژکاری خێزانیی تایبەت، کردنەوەی ناوەندی تایبەت بەمەبەستی پێشکەشکردنی ڕاوێژ و چارەسەری دەروونی بۆ ئەو هاوسەرانەی کە نیشانەکانی تەڵاقی سۆزداری و ماندووبوونی دەروونییان تێدا دەردەکەوێت، تاوەکو یارمەتییان بدرێت بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانیان و کەمکردنەوەی فشارە دەروونییەکان.

2- داوا لە پسپۆڕانی دەروونی کۆمەلایەتی دەکرێت بە زیادکردنی هۆشیاری لە ڕێگەی بەرنامەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەوە، ڕێکخستنی سیمینار، وۆرکشۆپ و بڵاوکردنەوەی بابەتی زانستی لە میدیاکاندا سەبارەت بە گرنگیی تەندروستی سۆزداری و دەروونی لەنێو خێزاندا. بەمەبەستی ئاشنابوونی هاوسەرانە دەربارەی چۆنیەتیی بەهێزکردنی پەیوەندی سۆزداری و ناسینەوەی نیشانە سەرەتاییەکانی ماندووبوونی دەروونی.

3-داوا لە ڕێکخراوەکان و مامۆستایانی ئاینی و پسپۆڕانی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکرێت بەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی هاوسەران سەبارەت بە مەترسیەکانی تەڵاقی سۆزداریو ماندووبوونی دەروونی.

## پێشنیارەکان (Suggestions):

1--جێبەجێکردنی پێوەری (تەڵاقی سۆزداری) (ماندووبوونی دەروونی) لەسەر نموونەی گەورەتر بەمەبەستی دەرهێنانی جێگگیری بۆ کۆمەڵگەی کوردی.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر نموونەی زیاتر بەشێوەیەك لە هەرچوار پارێزگا ئەنجامبدرێت

3-ئەنجامدانی هەریەك لەم گۆڕاوانە لەگەڵ گۆڕاوی تر بۆ زانینی پەیوەندی ئەم گۆڕاوانە لەگەڵ گۆڕاوەکانی تر.

## سەرچاوەکان


1. أبراهيمي,صفا عبد الرسول (2011) قوة التعامل النفسي لدى ضباط المرور وعلاقته باتجاهاتهم نحو الاخرين. رسالة ماجستير غير منشور,كلية التربوية,الجامعة المستنصرية,العراق.
2. جرجيس، م.أ. و احمد، ك.ز. (2019) 'اإلنهاك النفسي وعالقته ببعض املتغريات لدى املوظفني يف اربيل'، مجلة الفتح، ( 78)، 206-227. متاح على http://www.alfatehmag.uodiyala.edu.iq

3. خليفة,فاطمة الخليفة السيد(2021) الطلاق العاطفي وعلاقة بالامتنات ونمط السلوك(أ)لدى عينية من المتزوجين بمحافظة جدة. مجلة جامعة أم القرى للعلوم التربوية والنفسية,ا(13),(4),303-278.
4. رجب، ريهام الهادي. (2016) الطلاق العاطفي كما يدركه الأبناء من طلبة المرحلة الثانوية وعلاقته بتوافقهم الشخصي والاجتماعي **.**'*المجلة العلمية- جامعة دمياط*، ع467،71**.**
5. سلمان، ساجدة صالح. (٢٠٢١) 'الانهاك النفسي وعلاقته بمركز الضبط لدى معلمي ومعلمات المرحلة الابتدائية **.**'*مجلة كلية التربية، الجامعة المستنصرية*، العدد الأول، 209-230.
6. الصبان، ع. م.، الجهني، ي. س.، الغامدي، ح. م. و السميري، د. ع. (٢٠٢٠) 'الطلاق العاطفي في ضوء بعض المتغيرات الديموغرافية لدى المتزوجات في مدينة جدة'، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز: الآداب والعلوم الانسانية، ٢٨(١٣)، ١٣٨-١٥٦.
7. عبد الجواد، ع. س. (٢٠١٩) 'قلق الإنجاب وعلاقته بالإنهاك النفسي لدى الزوجات ذوات الإجهاض المتكرر'، مجلة الإرشاد النفسي، ٥٩(١)، ٢١٦.
8. عبد الستار، إبراهيم. (2002 **)** *لحكمة الضائعة: الإبداع والاضطراب النفسي والمجتمع* .الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب (سلسلة عالم المعرفة، 280).
9. گزال، ك. ز. أ. (2019 **)** *الانهاك النفسي وعلاقته بعامل الانسجام في الشخصية واساليب توكيد الذات لدى الموظفين في اقليم كوردستان العراق* **.**أطروحة دكتوراه غير منشورة. جامعة صلاح الدين-أربيل، العراق**.**
10. محمود، علاء الدين. (٢٠٠٩ **)** *الإرشاد النفسي والأسري: منظور حديث* **.**عمان، الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع
11. هادي، أنوار مجيد. (2010) *الطلاق العاطفي وعلاقته بفاعلية الذات لدى الأسر* **.**رسالة ماجستير غير منشورة. الجامعة المستنصرية، العراق**.**
12. هادي، أنوار مجيد. (2012' **(**أسباب الطلاق العاطفي لدى الأسر العراقية وفق بعض المتغيرات **.**'*مجلة الأستاذ*، (201)، 435-462.
13. بهمن پوری، ع.، زکی خانی، ن. و روستا، ظ. (٢٠٢١) 'بررسی فقهی حقوقی نقش طلاق عاطفی در زوال احصان زوجین'**،** *فقه و مبانی حقوق اسلامی*، ۵۴(۲) **,**۲۶۶-۲۴۷**.**
14. پوررحیمی، م.، زینالی، ع. و شاکر دیولق، آ. (2015) 'رابطه بین طرحوارههای ناسازگار اولیه با دلزدگی زناشویی در زنان متأهل'**،** *شناخت اجتماعی*، ۴**(**2)، ۲۶۴-۲۵۱**.**
15. جعفری، م.، زهراکار، ک. و داودی، ح. (2021) 'پیش بینی دلزدگی زناشویی بر اساس احساس تنهایی و طلاق عاطفی در زنان نابارور'**،** *فرهنگ مشاوره و روان درمانی*، ١٢(45)، صص. ۳۴۶-۳۲۳**.**
16. Afrasiabi, F. and Jafarizadeh, M.R. (2015) 'Study of the relationship between personal factors and emotional divorce', *Mediterranean Journal of Social Sciences*, 6(6S6), p. 406. doi:10.5901/mjss.2015.v6n6s6p406.
17. Al-Shahrani, H.F. and Hammad, M.A. (2023) 'Relationship between emotional divorce and alexithymia among married women in Saudi Arabia', *BMC Psychology*, 11(1), 217.
18. Al-zoubi, Z.S. and Al-Khawaldeh, A.M. (2022) 'The Relationship between Emotional Divorce and Psychological Burnout among a Sample of Spouses in the City of Irbid', *Journal of Educational and Social Research*, 12(3), pp. 197-208.
19. Amato, P.R. (2010) 'Research on Divorce: Continuing Trends and New Developments', Journal of Marriage and Family, 72(3), pp. 650-666.
20. Amato, P.R. and Previti, D. (2003) 'People's reasons for divorcing: Gender, social class, the life course, and adjustment', Journal of Family Issues, 24(5), pp.602–626.at:https://journals.sagepub.com/doi/10.1177/0192513X03254507
21. Bammeke, F. and Eshiet, I. (2018) 'Issues in Marital Conflict and Violence: Sociological Analysis of Narratives of Selected Yoruba Women', *Crawford Journal of Business & Social Sciences*, XIII(II), pp. 1-8.
22. Barzoki, M. H., Tavakoll, M. & Burrage, H. (2015) 'Rational-Emotional 'Divorce' in Iran', Applied Research in Quality of Life, 10(1), pp. 107-122.
23. Brenner, C. (1974) An Elementary Textbook of Psychoanalysis. Revised edn. New York: Anchor Books.
24. DeMaris, A. (2010) 'Justice and the Fate of Married and Cohabiting Couples', Social Justice Research, 23(2-3), pp. 101-122
25. Dong, S., Dong, Q. and Chen, H. (2023) 'Mothers'' parenting stress, depression, marital conflict, and marital satisfaction: The moderating effect of fathers'' empathy tendency', Journal of Affective Disorders, 299, pp. 682-690.
26. Eagly, A.H. and Wood, W. (2012) 'Social role theory', in Van Lange, P.A.M., Kruglanski, A.W. and Higgins, E.T. (eds.) *Handbook of theories of social psychology*. Thousand Oaks, CA: Sage Publications, pp. 458-476.
27. Gottman, J.M. and Silver, N. (2015) *The seven principles for making marriage work: A practical guide from the country's foremost relationship expert*. Revised edn. New York: Harmony Books.
28. Hibel, L. C. & Mercado, E. (2020) 'Marital conflict predicts mother-to-infant adrenocortical transmission', Child Development, 90(1), pp. 80-95.
29. Hobfoll, S.E. (1989) 'Conservation of resources: A new attempt at conceptualizing stress', *American Psychologist*, 44(3), pp. 513-524.
30. Johnston, J.R. (2017) 'The structure of divorce decisions', *Australian and New Zealand Journal of Family Therapy*, 38(4), pp. 561-581.
31. Karimi, R. and Al-Zoubi, A. (2019) 'Demographic Correlates of Marital Alienation in the Middle East', Family Studies Quarterly, 15(2), pp. 112-128.
32. Kaslow, F. (1984) 'Divorce and divorce therapy', in Gurman, A. and Kniskern, D. (eds.) *Handbook of family therapy*. New York: Brunner/Mazel, pp. 662–696.
33. Larsen, K.L. and Hald, G.M. (2020) 'Post-Divorce Burnout: A new outlook on psychological and physical malfunctioning following divorce', *Current Psychology*, 41, pp. 451-461.
34. Latifian, M., Arshi, M., Alipour, F., Harouni, G.G. and Islam, M.S.S. (2024) 'Investigating the relationship between internet addiction, domestic violence, and emotional divorce among married women in Tehran', *BMC Psychiatry*, 24(1), p. 707.
35. Lazarus, R. S. and Folkman, S. (1984) *Stress, Appraisal, and Coping*. New York: Springer Publishing Company.

36. Mahmoud, D. O. and Anwar, B. H. (2024) 'The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Youth in Light of the Theories of Frustration by Albert Cohen and John Dollard', Koya University Journal of Humanities and Social Sciences, 7(2), pp. 58-72.
37. Moss, J. (2019) ‘Burnout is about your workplace, not your people’, Harvard Business Review, 11 December. pp. 2–3.
38. Nainar, S.M.H. and Ismail, N.H. (2016) 'Burnout and Its Association with Depression among Dentists in Malaysia', *Journal of International Society of Preventive & Community Dentistry*, 6(5), pp. 463–468.
39. Pourrahimi, M., Zeinali, A. and Shaker Dioulagh, A. (2015) 'Rābete-ye beyn-e tarhvāre-hā-ye nāsāzgār-e avvaliye bā delzadegi-ye zanāshooei dar zanān-e mota'ahhel' [The Relationship between Early Maladaptive Schemas and Marital Burnout in Married Women], *Shenākht-e Ejtemāei*, 4(2), pp. 251-264.
40. Satir, V. (2020) *Peoplemaking*. Translated by B. Birashk. Tehran: Roshd Publications.
41. Shawyer, F. (2017) ‘Acceptance and commitment therapy for psychosis: randomised controlled trial’, The British Journal of Psychiatry, 210(2), pp. 140-148.
42. Shayesteh-Parto, F., Hasanpoor-Azghady, S.B., Arefi, S. and Amiri-Farahani, L. (2023) 'Infertility-related stress and its relationship with emotional divorce among Iranian infertile people', *BMC Psychiatry*, 23(1), p.666.
43. Sternberg, R.J. (1986) 'A triangular theory of love', *Psychological Review*, 93(2), pp. 119–135.
44. Yu, Y., Wu, D., Wang, J. M. & Wang, Y. C. (2020) ‘Dark personality, marital quality, and marital instability of Chinese couples: An actor-partner interdependence mediation model’, *Personality and Individual Differences*, 154, p.109668.
45. Zareei Mahmoodabadi, H. and Zarei, F. (2018) 'The effect of divorce counseling based on Gottman's approach on the self-efficacy in divorce management of couples applying for divorce', *Journal of Social Behavior and Community Health*, 2(2), pp. 219-227.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-43

# The relationship between emotional divorce and psychological xhaustion among Employees of the General Directorates in the Independent armian Administration (Kalar))

**(Extracted from MA Thesis)**

**Sumaya Essa Musa, Omar Ibrahim Azeez**

Department. of Psychology, College of Arts ,Salahaddin University-Erbil , Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| Received | **August, 2025** |
|---|---|
| Accepted | **November, 2025** |
| Published: | **December, 2025** |

**Keywords**

**Emotional Divorce, Psychological Exhaustion, Demographic Variables, Employees**

**Corresponding Author**

Sumayaeisa321@gmail.com
Omer.azeez@su.edu.krd

## Abstract:

The objective of the research is to determine the relationship between emotional divorce and psychological exhaustion, to ascertain the levels of these two variables, and to identify the differences in the variables according to demographic factors. The research population consists of the employees of the directorates of the Garmian administration (Kalar). The research sample comprises (280) employees who are married and in a continuous marital relationship, selected equally from both genders through simple random sampling from (6) directorates for the year (2025). The study adopted the descriptive-correlational method. The data collection tools include scales for emotional divorce and psychological exhaustion. After applying psychometric properties, both instruments were found to be suitable for use, along with a demographic form. After data analysis, the results showed a significant positive correlation at a level of (0.462) between the two variables. The levels of both variables among the research sample were low. There are differences in emotional divorce according to the demographic variables of gender and duration of marriage, in favor of males and those who have been married for more than (30) years. There is a difference in psychological exhaustion according to the gender variable in favor of males, but there is no difference in the level of psychological exhaustion according to the duration of marriage. It was found that there is no difference in emotional divorce and psychological exhaustion according to the demographic variables of (income, educational attainment, workplace).